# وەڵام بەو هێزە ڕامیاریی و ئایینی و کولتووریەی

# کە لە پشت مەلا کامەران خۆی حەشارداوە

هەژین

١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

بەر لە هەر شتێك، من لەجیاتی هیچ کەسێك وەڵامنادەمەوە، کە مەلا کامەران نامەکەی ئاراستەکردووە، چونکە من سەر بە هیچ پارتییەك و هیچ دەسەڵاتێك و هیچ ئایدیۆلۆجییەك نیم و لەوەش واوەتر دژی هەموو ڕێکخستنێکی ڕامیارییم واتە دژی هەموو پارتییەك و گروپ و سیستەم و فەرمانداریی و دەوڵەتێکم!

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم، هەر ئاوا کە کانتۆنەکانی "ڕۆژاوا" مافی خۆیانە چۆنیان پێخۆشە بڕیار لەسەر ژیان و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانیان بدەن، هەر ئاواش کۆمەڵێکی دیکە مافی خۆیەتی قورئان و حەدیس و شەریعەت بکاتە سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆی؛ هەر ئاوا مەلا کامەران مافی ڕەوای خۆیەتی ڕەخنەبگرێت و پێشنیاربکات و سیستەمی ئۆتۆنۆمی فێدەراڵیزمی دیمۆکراتیك ڕەتبکاتەوە، منیش وەك خوێنەرێکی بۆچوونەکانی ڕاستر بڵێم هەڕەشەکانی مەلا کامەران، سەرنج و وەڵامی خۆم بە هێزە کاراکانی پشت وتارە ئایینییەکانی هەیینی مەلاکان دەربڕم و بدەم، وەك گوتم ئەم بابەتە تەنیا سەرنجی منە و پەیوەندی بە هیچ کەس و لایەن و ئایدیۆلۆجییەکەوە نییە !

مەلا کامەران دەنووسێت "بەو پێیەی بەندە یەکەم مامۆستایەکی ئاینی بووم کە دژایەتی خۆم بۆ هەڵوێستی گروپە ئیسلامیەکان و بەتایبەتیش بەرەی نەسرە دەربڕی ئەوکات کە لە عفرین و ناوچە کوردیەکان لە دژتان دەجەنگان، هەروەها یەکەم مامۆستایەکی ئاینی بووم کە دژایەتی خۆمم دەربڕی لە چوونی گەیاند کە هەر کوردێك لەشە ی دژی کوردستانی رۆژئاوا بکوژرێت پێی ناوترێت شەهیدو ستەمکارە، ..."

[illegible] گیان، بەڕێزم، ئەوە هەڵەی خۆتە و بۆ تێنەگەیشتنی خۆت لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەرایەتی کانتۆنەکان دەگەڕێتەوە، کە بە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەرایەتی [ئۆتۆنۆمی] و تاك و کۆمەڵ لەسەر بنەمای یەکێتی ئازادانەی فێدەراڵیستی لە خوارەوەرا ڕۆنراوە. مەلا گیان دەزانم کە تێگەیشتن لەو سیستەمە و لەو چەمکانە بۆ تۆ گرانە و پێویستە کاتێکی بۆ تەرخانبکەیت و لەبارەیەوە بخوێنیتەوە، ئەزیزم گرفتە لەوەدایە، ک ۆ ئەو بوونەی ئەویش هەر بە سیستەمە گەندەڵەکەی هەرێمی دۆلارستان تێگەیشتووی، کە هەزاران تەمەڵ و کارنەکەری بەناوی "زانای ئایینی"یەوە وەك بەرخ بۆ پاییز خڕتکردووە و کاتێك کە دەبیستی لە سایەی خۆبەڕێوەبەرایتییەکانی "ڕۆژاوا" پەیوەندییەکانی خێزان و نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمایەکی سڤیلی ڕێکدەخرێن و بوار بۆ کار و کاسبی مەلایان نامێنێتەوە و قێزەونترین دیاردەی ئایینی "مارە بەجاش" وەلادەنرێت، ئیدی دادەچڵەکێت و هاوارت لێ بەرزدەبێتەوە. هەڵبەتە وەك خۆر دیارە، کە ئەوە تەنیا تۆ نیت تووشی شۆك بوویت، بەڵکو دەسەڵاتداران و سیستەمەکیش کە مووچەی مفتە بۆ مەلایان دابیندەکات، لە تۆ زیاتر تووشی شۆك بوون و گرفتی تۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە نییە لە کانتۆنەکانی ڕۆژاوا، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ و سەروەران ترسی هەڵکردنی ئەو نەسیمەی پاییزی ٢٠١٤ بەرەو هەرێمی دۆلارستان ترساندوونی و سەرۆك و پارلەمانتارەکان لەوە دەترسن ئەو هەواڵانە بگەنە گوێی ژنەکانیان و خەیاڵی ئازادی دیوارە پۆڵایینکانی خێزانی خێڵەکییان ببڕێت و کنە بکاتە مێشکیان، ئاخر مەگەر تۆ بزانیت کە چەند-ژنە چ ناز و نیعمەتێکی پاشایانە بۆ سەرمایەداران و دەسەڵاتداران و سەرۆکی پارتییەکان و نێوەی مەلایان، تۆ خەمی نەمانی مریشکە ڕەشەکە و "مارە بەجاش"ت لێنیشتووە، ئەزیزم !

".... بەهەمان شێوەش بیسەپێنن بەسەر گەلانی ژێر دەستەتانداو ڕەچاوی ئاین و بیروباوەڕی زۆرینەی ئەو خەڵکە نەکەن!، بەتایبەتی ئاینی پیرۆزی "ئیسلام" کە ئاین و بەرنامەی ژیانی زۆرینەی خەڵکی کوردستانەو دەبێت ڕێزی لێبگیرێت،"

لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم کە مەلا کامەران زۆر بە وردی و زیرەکییەوە هەنگاو بە هەنگاو ئەوەی دەسەڵاتداران بە ئاشکراو و بە شێوەی ڕامیارییانە لە ئێستادا ناوێرن دنەیدەن و ئاژاوەی بێینەما بنێنەوە، هەر ئاوا کە لە دوو ساڵی ڕابوردوودا بە ناردنی چەندین تیمی تیرۆریست بۆ تەقاندنەوە و دروستکردنی ئاژاوە لەنێوان کوردان و ئێتنییەکانی دیکە، هەروا لەنێوان موسوڵمانان و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە ناردە هەرێمی کانتۆنەکان، بەڵام بۆیان نەچووەسەر، لەوە دەچێت لە ناتوانایی و بێزۆلیی (ئەنەکەسە)دا دەسەڵاتدارانی هەرێم هانایان بۆ نامە و وتاری ئاگراویی مەلایان هێنابێت. مەلا گیان، لە کوێ گوتار و دەق و بەڵگەنامە و یاسا و ڕاگەیاندنی کانتۆنەکانی "ڕۆژاوا"دا دژایەتی ئایینەکان بەگشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی کراوە، تاوەکو تۆ لە خەیاڵی خۆتدا جەنگەکێکی ئاوا دژی خۆبەڕێوەبەرایەتی ڕابگەیێیت؟

بەبۆچوونی من لەوێندەرێ، بەو ڕاگەیاندنە یاساییە و بە هەنگاوە کردەییەکانی دوو ساڵی ڕابوردوو، هەم ڕێزیان لە ئایین وەك بیروباوەڕێکی تاکەکەسیی گرتووە و هەم یەکسانی و هاومافییان بۆ هەموو ئایینەکان دابینکردووە و هەم ئایینیان لە دەسکەلایی و دەستتێوەردانی دەسەڵاتخوازان و ڕامیاران و مفتەخۆران و باندە نێودەوڵەتییەکانی وەك دەوڵەتی ئیسلامی، پاراستووە! لێرەدا وەك دڵسۆزییەك بۆ تۆ و مەلاکانی دیکە، تکاتان لێ دەکەم، هەوڵبدەن لە ڕەهەندە پۆزەتیڤەکانی جیایی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵ، من ناڵێم " جیایی ئایین لە دەوڵەت" ە پێویستە خودی دوڵەت وەك دومەڵ و وەرەمێکی کوشندە لەسەر جەستەی کۆمەڵ ڕیشەکێشبکرێت، تاوەکو چیدیکە ئایین نەکرێتە ئامرازی سەرکوتکردن و چەپاندن ، منداڵان و ژنان و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە و ئازادیخوازان بەگشتی. تکایە هەوڵبدەن بە لۆجیك و بە خوێندەوەی ورد بۆ دەسەڵاتداریی "خەلافەت" و ڕەهەندە نیگەتیفەکانی بۆ ئایین، بەراوردی جیایی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵ و ملهوڕیی پارتیی و گروپە ئیسلامییەکان بەناوی ئایینەوە، بکەن!

"زۆر بەداخەوە وا خەریکە قسەی نەیارەکانمان لەسەرتان دەبێت بەڕاست و گومانە باشەکانی ئێمەش دەبنە هەڵە و بە ـگری کوێرانەوە دەمارگیری!"

مەلا گیان، قسەی نەیارەکانتان کامانەن، کە خەریکە ڕاست دەردەچن، بۆ بە ئاشکرا و بێبەردە ئاماژەیان بۆ ناکەیت! پاشان ئەو "ئێمە"یە کامەیە کە بەڕێزتان بەناوییەوە دەئاخفیت؛ مەلایان، دەسەڵاتداران یا کوردان؟ بۆ من و سەدان هەزار ئازادیخوازی کوردزمان ئاساییە کە تۆ بەناوی دەستەی یەکەم و دووەمەوە قسەبکەیت، بەڵام ڕێگەنادەین بەناوی هەموو کوردانەوە قسەبکەیت، چونکە کوردان هەم موسوڵمان و هەم مەسیحی و جولەک و ئێزیدی و کاکەیی و بێدین دەگرێتەوە و بەهیچ لۆجیکێك تۆ ناتوانیت بێچەندوچوون بەناوی گشتەوە قسەبکەیت، یا دەتەوێت وەك خەلیفەی موسوڵمانانی جیهان (ئەبوبەکر بەغدادی) تۆش بەناوی گشت کوردانەوە بدوێیت؟!

"جگە لەوەی هاوسۆزی و هاو خەمی موسڵمانان و زانایانی ئاینی میللەتەکەی خۆت لە دەست دەدەیت، هیچ بەرهەمێکی باشیشی نابێت و سەرئەنجام دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بزوتنەوە ئیسلامیەکان و ئینتمایی ئاینی، ... "

باشە مەلا گیان، بۆ سێ هەرێمی "ڕۆژاوا"، کە ناتۆنەکانیان پێکهێناوە مەلایان تێدانییە و لەوێ کەس نییە داکۆکی لە ئیسلامبوونی خۆی بکات، کە ئاوا تۆ لە پایتەختی ڕۆشنبیریی دۆلارەوە ناچاریت ئەو ئەرکە بخەیتە سەرشانی خۆت؟ ئەگەر سیستەمی ئۆتۆنۆمی دیمۆکراتیکی کانتۆنەکان دژی ئایینی ئیسلامە، بۆچی موسوڵمانێك، فەقێیەك، مەلایەك دەنگی لێ بەرزنەبووەوە، یا ئەوەیە کە تۆش بە دەردی ڕامیارەکان و دەسەڵاتداران لە لوتکەی لوتبەرزیی و لەخۆباییبوونەوە دەتەوێت لە بڵندگۆی میدیا کۆنەپارێزەکانەوە خۆت بکەیتە ئامۆژگاریکەری کانتۆنەکان، ئەو کانتۆنانەی کە ئەگەر ژنانی ئەوێ نەبوونایە، هەنووکە پایتەختە نەوتینەکە و پایتەختە ڕۆشنبیرییەکەی هەرێمەکەی بەڕێزتان کرابووە حەرەمسەرای خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی!

پاشان تکایە بۆ منی ڕۆشنبکەرەوە، چونکە خەریکە تووشی سەرگێژە دەبم؛ تۆ ترسی ئەوەت لێنیشتووە، کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەهێزببن و ئینتیمای ئایینی زیاد بکات، یا ترسی هەڵکردنی نەسیمی جیاکردنەوەی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵ، کە بەرەو هەرێمی دۆلارستان هەڵبکات و ببێتە هۆی نەمانی کار و کاسپیتان؟

" .... سەرئەنجام شکست دەخۆیت و لە لوتکەی کۆشکەکەتدا " قل هو الله أحد " دەخوێنرێتەوە وەك ئەوەی لە کۆشکی کرملن دا خوێنرا، یان سەرئەنجام وەك ئێستای تورکیات لێ بەسەردێ دوای حەفتا ساڵ علمانیەتی تۆتالیتاری و ستەم و نادادی بەرامبەر ئیسلام دواجار لەسەرەدەستی ئیسلامیەکان ملی شکا! "

مەلا گیان سەرت لە منیش شێواندووە، تێناگەم بۆ تۆ پێتناخۆشە " قل هو الله أحد " بخوێندرت و ناکەپەیەکی دیکە لە "ڕۆژوا" ببێتە دەسەڵاتدار، ئەی مەگەر هەموو داخوازی و هیواخوازی ئێوە مەلایان سەرکەوتنی ئیسلام و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیی نییە لە سەرتاسەری جیهاندا؟! تێناگەم ئەو هەموو هەڕەشەکردن و ترساندنە لەپێناو چی و بۆچی؟ خۆ نە (خۆبەڕێوەبەرایەتی دیمۆکراتیکی کانتۆنەکان) و نە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) و نە خودی (پەیەدە)ش پاگەندەی لەنێوبردنی ئیسلام و کوشتوبڕکردنی موسوڵمانانیان نەکردووە، ئیدی ئەو گرەوگرتنەوە سەر چی و دەتەوێت لە گۆمی لێڵی ڕامیاریی کام دەسەڵاتی ناوچەدا مەلەبکەیت؟ پاشان لەیادتنەچێت، کە (ئۆردوگان)ی خەلیفەی نیئۆ-ئوسمانییەکان هەموو کۆبوونەوەیەکی لەژێر وێنەکەی ئەتاتورك و لەسەر هەمان بنەماکانی بیرکردنەوەی نەژادپەرستانە و فاشیستانەی ئەتاتورك بۆ دژایەتی بزاڤی ئازادیخوازی کوردان دەکات و فاشیزمی ئاکەپە، کەمالیستەکانی خستووەتە خانەی هێزێکی میانڕەوی نەژادپەرست!

"ئەوەش بزانە ئیسلام پێویستی خەڵکە نەك پێویستی بە خەڵك بێت، ئیسلام ناسەپێت بەڵکو دە بت خۆت زۆر مەمنونی ببیت ئەگەرنا منەتی پێت نیە،"

هەزاران درود لە گۆڕی پێشینان کە گوتوویانە "... بدوێنە خۆی لێکدانەوە لەسەر خۆی دەکات/ شەرحی خۆی دەکات"! باشە ئەگەر ئایینی ئیسلام پێویستی بە خەڵك نییە و ناسەپێنرێت، ئیدی بۆ بەیانی تا ئێوارە مێشکی ئەو خەڵکەتان کاسکردووە و کاتێکتان بۆ قسەی خۆش نەهێشتووەتەوە؟ ئەگەر ئیسلام ئایینی سەپاندن نییە، بۆ دەبێت یاسای کۆمەڵ و بەڕێوەبردنبێت؟ بۆچی کاتێك کە کۆمەڵێك ئەوە هەڵنابژێرێت، تۆ لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە لە پایتەختی ڕۆشنبیریی مەلایانەوە، شمشێرەکەت دەردەکێشیت و هەڕەشەی ئەوە دەکەیت، کە کانتۆنەکان وەك ڕوسیە و (تورکیە)یان لێدێت و ئیسلام سەردەکەوێت؟ باشە مەگەر دانیشتووانی کانتۆنەکان کێن، تا ئیسلام بەسەریاندا سەربکەوێت؟ ئایا دەزانیت تۆ ئاگایانە خۆبەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیکی کانتونەکانی "ڕۆژاوا" بە دیکتاتۆریی ستالین و بە فاشیزمی ئەتاتورك دەچوێنێت و ئەمە هەمان فتواکەی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامییە، کە کوردان بە دژە ئیسلام هەژماردەکات و ژنەکانیشیان بە شایانی کەنیزەکبوون لە حەرەمسەراکانی خەلیفە؟

"ئێمە لە زووەوە وتومانە داعش لیزمە لە ئیسلامیدا هەیە و لە چەپ و مارکسی و علمانیەتیشدا هەیە، چونکە لۆژکەکەی سڕینەوەی هەموو ئەوانی تر و رەنگەکانی ترە ئەوکارەی ئێوەش کە لە"میرات و مارەیی ئافرەتان" و ڕەك پێدەچێت لە هەمووشتەکانی تردشدا هەر وایە!"

باشە مەلا گیان، جارێکی دیکە "ئێوە" کێن؛ بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، انصارالله یا قسەکەرانی سیستەمی دیمۆکراتی پارلمانی؟ پاشان تکایە جارێکی دیکە ئەو دوو دێرو نیوە بێسەرەوبەرەیەت بخوێنەرەوە، بزانە بەخۆشت لێی تێدەگەیت، یا من کوردی نازانم؟

مەلا گیان، منیش پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەم کە هەموو ئاراستە و تێروانین و ئایدیۆلۆجییە دەسەڵاتگەراکان سەرەنجام بە خاڵی (داعش) و (ستالین) و (ئەتاتورك) دەگەن و هەر سەریان لەوێوە دەردەچێت. دڵگران نەبێت بە هەر جۆرێك ماشینی ئیسلام بهاژوویت، سەرنجام سەری گەشتەکەی هەر لە وێستگەی ملپەراندنەکەی سعودیە و سێدارە-شەقامییەکانی کۆماری ئیسلامی و سەربڕینەکانی طالیبان و انصارالاسلام لەخێڵی حەمە و (داعش) دەردەچێتەوە! بەڵام دەکرێت بزانین بۆ فیکە دیمۆکراتییەکەی تۆ لە "میرات و مارەیی ئافرەتان"دا باریکدەبێتەوە و کوتاییدێت؟ ڕێی گرێ-دەروونەییەکەی تۆش هەمان گرێی دەروونی سەرانی (ئەنەکەسە) بێت، کە بە هەموو پارتییەکانیانەوە ژنێکیان لە سێ کانتۆندا بۆ پەیدانەکرا وەك ژنانی پارلەمانی دۆلارستان مل بۆ ملهوڕیی پارتییەکانی بازارئازاد کەچبکات! دیسانەوە ناچارم بێژم، کە نائاگایت لە سیستەمەکانی دیکە و تەنیا سیستەمی بۆرجوازی دەناسیت، کە سیستەمەکەی ڕژێمی بەعس و سیستەمەکەی هەرێمی دۆلارستان و سیستەمەکەی ئاکەپە و سیستەمەکەی (داعش)یش دەگرێتەوە!

"ئەوکارەی ئێوەش کە لە"میرات و مارەیی ئافرەتان" وەك پێدەچێت لە هەمووشتەکانی تردشدا هەر وایە!، جۆرێکە لە داعشێتی بەسەر زۆرینەیەکی موسڵماندا،"

مەلا گیان ئەگەر خۆبەڕێوەبەرایەتی دیمۆکراتیکی کانتۆنەکان و یاساکانیان " جۆرێکە لە داعشێتی بەسەر زۆرینەیەکی موسڵماندا،" ئیدی نازانم گرفتی تۆ لەچیدایە و بۆ خەمت لێنیشتووە؟ مەگەر تۆ دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و خەلافەت و پەیڕەوکردنی قورئانیت؟ ئایا "داعشیەتی" ناکاتە کوردتکراوە (دەوڵەتی ئیسلامییەتی)، ئیدی بۆ پێتناخۆشە و هەراسان خۆت نیشاندەدەیت؟

مەلا گیان، کاتێك کە خەریکی خوێندنەوەی ئەم دەستەواژانەی تۆ بووم، بڕوام بکە گوێم لە دەنگی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارلەمانی هەرێم و هەموو پارتییە ناسیونالیست و ئیسلامییەکان بوو، گوێم لە قسەکەری کۆمەڵەی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بوو، ئاخر پرسی "میرات و مارەیی ئافرەتان" پرسێکی ئابوورییە و پەیوەندی بە کۆی سیستەمە بۆرجوازییەکەوە هەیە

!

" ئێمە بەرەوام دەبین لە هاوسۆزی و پەرۆشی و یارمەتی و پشتیوانی بست بە بستی خاکی کوردوستان لە هەر چوار پارچەکەداو جیاوازی سلێمانی و کۆبانی بۆ ئێمە نییەو بە پەرستاشیشی دەزانین،"

مەلا گیان، پێتناخۆشنەبێت/ دڵگرانەبیت ئەم قسەیە هی خۆت نییە و ئەگەر سەرنجی ئەرشیڤی دژایەتی خۆبەڕێوەبەرایەتی گەلی کانتۆنەکان لە دوو ساڵی ڕابوردووی (ئەنەکەسە) و (پدك) و (ئیسلامییەکان)یش بدەیت، دەبینیت یەکەم کەس تۆ نیت، کە ئەم قسەیەی کردبێت و هاوکاتیش هەوڵی دروستکردنی ئاژاوە و کنەکردن و کردنەوەی شوێنپێی سیخوڕەکانی ئاکەپەی کردبێت!

" خۆ ئەگەر ئێوە پەشیمان نەبنەوە لەو هەڵوێستەتان بەرامبەر بە ئیسلام ئەوە ئێمە پەشیمان دەبینەوەو تەوبەیەکی نەسوحیش دەکەین لەوەی گومانی باشمان زۆر بوو پێتان و زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی زۆرێك لە مامۆستایانی ئاینی و برا موسڵمانەکانی ناو خۆمان دەبوینەوە،"

مەلا گیان، گەر ئەمە هەڕەشەی سڕینەوەی بەرانبەر نییە، ئەدی چییە؟ ئەگەر تۆ و ئەوانی پشتپەردەیش کە مووچەی ئێوە دەدەن، بڕواتان بە ئازادی دیگەران هەیە، دەی هەر ئاوا کە ئێوە [مەلاکان و دەسەڵاتداران و سەرمایەداران] هەرێمی کوردستانتان کردووە بە بەهەشتی تەراتێنی کۆمپانییە جیهانلووشەکان و وێرانەی بازارئازاد، با ئەوانی دیکەش ئازادبن و بەخواست و ویستی خۆیان سیستەمی ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکەیان دیاریبکەن !

" هێشتا کات زووە بۆ ئەوەی دڵنیابیتەوە لە سەلامەتی و سەقامگیری حکومەتەکەت و بێ منەتیت لە ئیسلام و هاوسۆزی موسڵمانان و زانایانی ئاینی!!!"

بەداخەوە دیسانەوە ناچارم ئەوە بڵێمەوە، کە مەلا گیان تۆ هیچ زانیارییەکت لەبارەی سیستەمی خۆبەڕێوەبەرایەتی گەلیی لەسەر بنەمای فیدەراڵیزمی دیمۆکراتیك و پشتبەستن بە دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ نییە، لەبەرئەوەیە کە هەرچەندە ئەوان و زۆرێکی دیکە دەیڵێن ئەوەی لە "ڕۆژاوا" هەیە فەرمانداریی "حکومەت" و دەوڵەت نییە، کەچی تۆ و زۆر ناسیونالیستی دیکەش هەر دەڵێن بیدۆشە! ئەگەر ئەو دەستەواژانەت کورتبکەمەوە، دەکاتە "شیوەنی هەریسەکە"، واتە هاوسۆزیی بۆ مەلایان "زانایانی بێزانستی ئایینی"، کە لە یەکسانی ژن و پیاودا کاروکاسپی و "مارە بەجاش"یان نامنێت و لە جیاکردنەوەی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵ مووچەی مفتی تەمەڵییان نامێنێت !

" زۆر بەتوندی رووبە ڕوی زۆرێك لە مامۆستایانی ئاینی و برا موسڵمانەکانی ناو خۆمان دەبوینەوە، تا ئەوەی ئێمە ئەوانمان بە خەڵەفاوو ئەوانیش ئێمەیان تکفیر دەکرد لەسەر پشتوانیمان لە جەنابت و پارتە ئایدلۆژیەکەت!، ...... ئەگەرنا هەڵوێستمان زۆر لەوەش توندتر دەبێت ئەوکات لۆمەی کەس نەکەن خۆتان نەبێت.!"

ئەوان کێن؛ ئەو برا موسوڵمانانەی خۆتان کە ئێوە دژیان وەستانەوە وئەوانیش ئێوەیان "تکفیر" کرد؟ خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) وشانە نووستووەکانی لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و خێڵگەرایی یا هێزێکی دیکە هەیە کە ئێمە ئاگاداری نین و نایناسین؟ پاشان کە بەڕێزتان و هاوپیشەکانتان پەشیمان ببنەوە چیدەکەن، بێجگە لەوەی کە لاوانی خۆشباوەڕی هەرێم بنێرنە نێو لەشکری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ تێکشکاندنی بەرەنگاریی کانتۆنەکانی ڕۆژاوا؟

بەکوتی و بە کوردی لەم ساتەوە، هەر لاوێك لە هەرێمی ئێوەوە بچێتە سنووری دەسەڵاتی خەلیفەی موسوڵمانان (ئەبوبەکر بەغدادی) یا (جەبهة النصرة) و جەنگی خۆبەڕێوەبەرایەتییەکانی "ڕۆژاوا" بکات، ئەوە ئەنگۆ و بەدیاریکراوی تۆ لێی بەرپرسیت! هەر لاوێکی خوێنگەرمی مێشکسڕاوە ژنێك هەراسان بکات، ئەنگۆ و تۆ بەدیاریکراوی لێی بەرپرسیت! هەر کەسێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەشە لە هەر ئازادیخواز و لایەنگرێکی یاسایی یەکسانی ژن و پیاو لە "ڕۆژاوا" بکات، ئەوا ئەنگۆ و تۆ بەدیاریکراوی لێی بەرپرسیت! هەروەها ئەگەر موسوڵمانانی سلێمانی دژی تیرۆر و هێرش بۆ سەر (کۆبانێ) و (عەفرین) و (جەزیرە) و (شەنگال) بن، ئەوا پێویستە ڕیزەکانی نوێژکردن لە پشت سەری تۆوە چۆڵبکەن و بایکۆتی گوێڕادێریی وتارەکانی ڕۆژانی هەیینی تۆبن، ئەگەر نا ئەوانیش هاودەنگ و هاوسەنگەری تۆ دەبن لە دژایەتی یەکسانی ژنو پیاودا و بێدەنگەکردنی پارتییەکان و دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئاستی نامەکەی تۆدا، هیچ پاساوهەڵناگرێت و نیشانەی هاودەنگیی و هاوبۆچوونییانە لەتەك تۆدا.

من لێرەدا کۆتایی بە سەرنجەکانم دەهێنم و ناچمە سەر هەندێك لایەنی دیکەی نامەکەت، چونکە هاوڕێیان و هاوەڵانێکی دیکە وەڵامی تەسەلیان بە کۆدەکانی هەڕەشەکەت داوەتەوە، تەنیا دەمەوێت شتێك بڵێم بەڵام بە خۆت نا، بەڵکو بە گوێگرانی وتارەکانی ڕۆژانی هەیینی و ئەو میدیایانەی کە فوویانکردووەتە تۆ و کردوویانی بە شێرە-باڵۆنە [ئێری-باڵۆنی] ژی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر کۆبانی، کە ئازادی ژنان لە "ڕۆژاوا" ئەرەنجامی خودهوشیاریی و تێکۆشانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتیی و جەماوەریی و قوڵکردنەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە بۆ نێوەندی خێزان لە دڵی هەرێمەکانی میزۆپۆتامیادا لەلایەن ژنانی هەرێمەکانی عەفرین و کۆبانێ و (جەزیرە)یەوە، ئەگەر ناشتە وێت لە کەتواری ئەو ڕاستییە تێبگەن، دەتوانن و ناچارن لەسەر هەڕەشەکردن و ناردنی لاوان بۆ ڕیزەکانی (داعش) بەردەوام بن!

************************************************************

تێبینی: هەم بۆ بەڕێز مەلا کامەران و ـەم خوێنەران، مەبەستم لە بەکاربردنی دەستەواژەی "مەلا گیان" هیچ سووکایەتی و کەمنرخاندنی ئەو نییە، بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە شێوازی دوانی منەوە هەیە و بەس، کە فرەتر حەز بە بەکاربردنی ئازیز و گیان دەکەم تا زۆر بارەکردنەوەی واژەی "بەڕێز"، کە لە میدیاکانی دەسەلات و پارتییەکاندا بە درۆ و نێوەڕۆکی بۆشەوە ـەکاردەبرێت.

بۆ خوێندەوەی نامەکەی مەلا کامەران http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=18570&Jor=1